# ناوداران

## ئەحمەد هەردی



هۆنەرو رۆشنبیری گەورەی گەلەکەمان ئەحمەد هەردی، ناوی ئەحمەد کوڕی حەسەن بەگ کوڕی عەزیز بەگە. لە ساڵی ( ١٩٢٢) دا لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. مامۆستا هەردی هەستێکی کوردایەتی پاکی هەبووەو هۆنراوەکانی تەڕو پاراون. دوای ئەوەی خانەی مامۆستایان تەواودەکات لە ساڵی ( ١٩٤١) دا دەبێتە مامۆستای سەرەتایی. دواتر دەبێتە وانەبێژی رەخنەی ئەدەبی لە زانکۆی سلێمانی و سەردەمێکیش دەبێتە سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد. جگە لەوەی کۆمەڵە هۆنراوەیەکی ناسکی بە ناوی ( رازی تەنیایی ) چاپکردووە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیشی دەربارەی کێشی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی نوسیووە. ساڵی ( ١٩٨١) خۆی خانەنشین دەکات و ماوەیەك ژیانی لە هەندەران بەسەر دەبات. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ساڵی ( ٢٠٠٦) دا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکات.



## ئامێری زەنگە لولەییەکان

ئامێرێکی مۆزیکیە. لە کۆمەڵێك لولەی ئاسن پێکدێت کە بە چێوەیەکی تایبەتیدا هەڵواسراون کە لەمادەی برۆنز دروستکراوە. بە چەکوشێکی تایبەتی کە لەدار دروستکراوە دەژەنرێت و دەنگەکەی لە زەنگی کڵێسا دەچێت.

یەکەمجار لە ساڵی ( ١٨٨٦) دا لە وڵاتی ئینگلتەرا دروستکراوەو یەکێکە لەو ئامێرانەی کە لە تیپی ئۆرکێسترادا بەکاردەهێنرێت.

## چەکمە

جۆرە پێڵاوێکە تایبەتە بە گەلی کوردو لە پۆتین دەچێت. کاتی خۆی لە کوردستان لە چەرمی خۆشکراوی مەڕو بزن و گاو مانگا دروست دەکرا. ئەم جۆرە پێڵاوە تایبەت بووە بە پیاوان و لە کاتی سواربوونی وڵاخ و رمبازێن و لە ئاهەنگی نەورۆزو سەیران و شایی و زەماوەندا لە پێکراوە.



ئا: دیاری

وێنە : سامان عوسمان